# دەقی شانۆنامەی : زامی هەوما

نووسینی : پشتیوان خدر قادر .

کەسەکان .

ئەسپیتام . باوک 45ساڵ

ئەسپجین . هاوڕێ ئەسپیتام 35 ساڵ

دوغدوڤا . خێزانی ئەسپیتام 40 ساڵ

بەرزین . هاو دێیک 60 ساڵ

پیری موغان . گەورەی موغان 60 ساڵ

شا ئەستیاگ . دوایین شاکانی میدیا

زەردەشت . پە یام هێن .

شوانێك .

سێ سەرباز .

دیمەنی یەکەم . ( زەردەشت لە خەرمانەی ڕۆناکی دا بەشکۆو زامەوە بە دەر دەکەوێت )

زەردەشت : برایان و بێ سەرپەرشتان . وا بەزامداریوئێش و ئازارەوە لە نێوان خۆتان دا دەرم دەکەن و ڕاوم دەنێن .

کەچی من ڕکم لێتان نابێتەوەوفەراموشتان ناکەم ، ئەو کەسەی منی بوێت ورەوان بکات بە وێستگەی خۆی لەسەرچاوەی ڕۆناهی دەمدۆزێتەوە . ئەگەر نەش مام، ئامۆژگاریەکانم ئارامگەی بێ ئۆقرەکانتانە ، ڕۆناهی شەوە درێژەکانتانە ، پێشرەوی ڕاستگۆیەکانتانە، تا ئەو ساتەی لەسوچێکی ئاسماندا ، ئەستێرەیەکی پڕشنگدار دەدرەوشێتەوە ، نیشانەی هاتنیمەزنێکی بێهاوتایە ، هانا هێنی هانا بەرانتانە ، چاوەڕوان کراویبێدالدەو پاکانتانە ، بیدۆزنەوە پێی شاد دەبن ، ئارام و ئاسودەدەبن . تا ئەو کاتەش .

{ گوێ بۆگرنگترین هەواڵ شلکەن، بەهەست و ژیری لێکی بدەنەوە ، لەنێوان ڕاست و درۆ دا ئێوە ناوبژی کەر بن . پێش ئەوەیڕۆژی پەسلان بێت گشت یەکێك بەخواست و ئارەزوی خۆی دەست نیشانی ڕیگای خۆی بکات ، لەنیوان ئەم دوەداپێویستە مرۆڤ چاکەکەیان هەڵبژێریت نەك خراپە ،ئەیئاهورا،هێزو وزەیتوانابەبەخشە بەڕەوانیئافەرین،لەڕاستیورەگەزیچاکەوپاکیووزەییك پەیداکە ببێت بەهەوێنیئاشتی وئاسایشی و ئاسوودەیی هەمووجیهان } *

دیمەنی دووەم .

کات 550 پ ز .دواین فەرمان ڕەوایی ئەستیاگ شای میدیا.

لەوەرگەیەك لە ناوچەی ساگارت .گرمەی هەورە تریشقە لەدوورەوە دەبیسترێت .بەرزین بەشەکەت و ماندوو بونەوە لەسەربەردێك دادەنیشێت شوانێك بەرەو ڕووی دەچێت .

شوان : ئەگەر لەئاوەدانی مابایتەوە چاکتربولەوی بەدەرکەویت ! هیشتاکەش ساردەو گەواڵەش هەمووساتێك هەڵدەکات.

بەرزین : گرنگ نی یە شوانی ئازیز با من تێربۆنی ئەم سەوزە گیایە بکەم ، باگەواڵەش تەڕم کات ،لەوانەیە ئەم بە هارە دوا بەهاربێت لە تەمەنم دا بی بینم .

شوان : وامەڵێ پیرە بەرزین ،لەیەزدی مەزن دەپاڕێمەوە هەرتەمەن درێژولەش ساغ بیت.

بەرزین : چەند ین ساڵە ئەم سروشتە لەبەرچاوما دەمرێزیندودەبێتەوە ، بەلاّم وادیارەئەم جارە ئەو من بەڕێ دەکات بەرەو کۆچی نادیارم .

لە گەڵ گرمەی هەورە تریشقە دا ئەسپیتام بەپەشۆکاوی دێتە سەر تەختەی شانۆ .

ئەسپیتام : سەرگەردانم وێڵم پیرە بەرزین چارەیەك .

بەرزین : چیتە ئەسپیتام !؟

ئە سپیتام : کۆرپەیەکیترم بۆ مەرگ هاتە سەرزەمین ، ئەویش وەك ئەوانی تر ،بەبێزرییکەی تازە لە دایك بووان بەبێ دەنگی،هەر دەلێی پارچە گۆشتێکی بێ گیانە .

بەرزین : بریا منیش وەك و ئەو بومایە . نەك خاوەنی ئەم لەشە پڕئێش وئازارە بام .بەلاّم دڵ گران مەبە .دەبێ من و تۆ چ

جیاوازیەکمان هەبێت ، ئەوەندەم نەوە زۆر بون تەنا نەت ناویانم نەدەزانیەوە ، لە ئاکامیش دا ئەوەی لێم هەڵگەڕاوەو ڕۆیشت و هەندێك لە جەنگە زۆرەکانی میدیا کوژران، وەك بڵێی دانەوێڵەی خۆم لە خاکێکی بەیاردا چاندبێت بەروبومیم لێ نە دیت !!!.

شوان : بێئومێد مەبە کێناڵی بەدەنگ نایت .

ئەسپیتام : ئەمە یەکەم کوڕیەم نی یی‌بەم شێوەیە سەربنێتەوە بەڵام بێگومانم کەوا ئەوەیان دواین یانە.
لە تواناشم دا نەماوە چی تر سەیری چاوی کزو گریاناوی دۆغدۆڤای هاوسەرم بکەم،ئەو دەزانێت هەر دوای چل ڕۆژی کە مەرگ کوڕەکەی لێ دەسێنێت و جولەی دەست و قاچە خنجیلانە کەشی نامینێت .

شوان : لە یەزدی مەزن بپاڕێوە وەك چۆن لەم تەمەنە گەورەیەدا منداڵتان بوو ئاوەهاش بیپارێزو تەمن درێژی بکات ، دەبڕۆقوربانی بۆبدە .

ئەسبیتام : ئەگەر بە ڕهای گیانم کوڕەکەم بێتە زمان و ژیان ،دڵنیابە گیانم هەرزانترین شتە لام .
گرمەی هەورە تریشقە ، حییلەی ئەسپێك دەبیسترێت ، ئەسپجین دێتە لایان .

ئەسپجین : شوانە بێ ئەمەکەکان ،ئەم کاتە تان باش.

تێکرا : خۆش هاتی ئەسپجین .

ئەسپجین : (بۆ ئەسپیتام ) بەدوات دا دەگەڕام تاکو ماڵ ئاوەدانیت لێبکەم ،پێیان گوتم کەوا لەتاو بێزاری لەماڵ دەرچویت ، هێور بە وە ڕێگا چارەیەکم لایە .

ئەسپیتام : مەبەستت چی یە !

ئەسپجین : بەڵێ خۆت ئامەدە بکە بابەرەو پایتەختی میدیای مەزن بەرەو ئەکباتانا بەڕی کەوین ، چارەی کوڕەکەت لە لای پیری موغانە .

ئەسپیتام : پیری موغان !

ئەسپجین : بەڵێ دەبڕۆ خۆت ئامادە بکە تاکو بەڕێ کەوین .

ئەسپیتام : بەڵام دەکرێت ڕێگای نێوان ئەکباتاناو ساگارت ببڕین و بێینەوە بەر لە وەی چل ڕۆژ تەواو ببێت ؟

ئەسپجین : ( بە خەندەوە ) لەبیرت کرد ؟ ڕۆژانی جەنگە پیرۆزەکانت لە بیر کرد ! سویند بە یەزدی مەزن دەخۆم کە وا هێشتا یەکێکی لە باشترین سوار چاکەکانی ئەم دەڤەرە .

ئەسپیتام : دە ئەگەر وابێت مژدەیەکی گەورەت کەوت .

بەرزین : هێواش بە ئەسپیتام . (بۆ ئەسبجین ) تۆش ئەسبجین لەو ڕۆژەوەی هاتوی بۆساگارت لەگەڵ خەلکی دا کۆدەبیەوەو هانیان دەدەیت بچنە جەنگی پارسان بەڵام وادیارە کەسی بە تەمەن ترت نەدۆزیەوە بێجگە لە ئەسبیتام ڕەوانەی بەرەکانی جەنگی بکەیت ؟

ئەسپجین : (بە خەندوە ) نەخۆشی‌وپیری وای لێ کردویت هەموو کەسێك بە پەککەوتەبزانیت،بەڵام باش بزانەهەرناوچەیەك بانگەوازی‌بەرگری و گیان قوربانی‌لەشائەستیاگ پێ‌کەیشتبێت ،ئەوا خەڵکی بەپۆل بەپیریەوە دەهاتن و بۆبەرەکانی جەنگ بەڕێدەکەوتن ، تەنها لەناوچەی خۆم دا نەبێت کەدیارە پیاوی ئازای تێدا نەماوە !

بەرزین : واز لەم پیاوە بێنە بۆ گرفتە کەی‌خۆی ، خەلکی دەزانن کەوا شائەستیاگ هەموو موغەکانی کوشتن .

ئەسپجین : تەنها پیرەکەیان نەبێت دەربازبوو،ئیستاش وا لەکێوی ئەلبورز ، لەڕوخ چۆڕاوگەی‌سەرچاوەنادیارە پیرۆزەکان دا خەریکی تێڕامانی سروشتە .

بەرزین : دەباشە کە تۆ ئەوندە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی شای و بۆپشتگیری کردنی بانگە واز ڕادەهێلی ،لەبەرچی بەشوێنی‌پیرەکەشیان نەدەکەوتی تاکو لەناوی ببەی ؟ ئایا ئەوە فەرمانی شاهانە نەبوو !؟

ئەسپجین : پیری موغان دۆستێکی ئازیزمە ،

بەرزین : ئەی خەلکی بۆچی گوێڕایەڵی فەرمانی کوشتنی نەبوون !؟

ئەسپجین : لە ڕاستیدا کوشتنی ئەو نە ویستی شاو نە سەرکردەکان بوو ، بە وەدور خستنەوەی واز یان لێ هێنا .

بەرزین : لێت تێ ناگەم ئەسبجین هەمومان دەزانین ئەگەر بەڕاو پرسی پیری موغان نەبوایە ئەوا شا هەرگیز ڕێ بەکۆرش نەدەدا بگە ڕێتەوە لای باوکی و ئەو یاخی بو نەش لە پارس ڕوی نەدەدا .

ئەسپجین : ئەمە ڕای پیری موغان نەبوو بەلکو ورێنەی موغی ئەستێرە ناس بوو،دەبوایە شا ئەستیاگ گوی ڕایەڵی‌سڵمینەوەو هەستی خۆی کردبا .

ئەسپیتام : هاورێ هیچ کاتێك لەجەنگان دا نەترساوم ، بەڵام ئەگەر دەزانیت ناتوانین بە پیری موغان بگەین چاکتروایە لای دۆغدۆڤا بمێنمەوە .

ئەسپجین : دلنیا بە بە زوترین کات دەتگەینمە لای .

ئەسپیتام : دە کەواتە دەچم دڵی دۆغدۆڤا شاد دەکەم و خۆم ئامادە دەکەم تا بەزوترین کات بەڕی کەوین .

بەرزین : بەرەو مەرگ دەڕۆن .

ئەسپجین : لە هەر کوێ بین لەئێوە زیاتر لە مەرگ نزیك تر نین .

شوان : خەلکی بێزار بون ئەسپجین ، جەنگ لە دوای جەنگ تا ئەم شانشینە مەزنە چەسپێن کرا ، دەبوایە شا ئەستیاگ زۆر لەمە چاکتر پارێزی لەدەست کەوتەکانی باوك و باپیرانی کردبا.

ئەسپجین : کەم تەرخەمی لە ئەودانەبوو ، دوو ساڵە لەگەڵ یاخی بووندا دەجەنگێ ، بەڵام دەڵێ چی کە ڕەش و ڕوتی هەندێك ناوچە بەدرۆودەلەسەکانی کوڕشی پارسی فریو دەخۆن .

بەرزین : ڕەش و ڕوتی چی ،ئەوە نیە هارپاك کەوا دێرین ترین سەرکردەی مادییە لە شا هەڵکەڕاوەتەوە ؟

ئەسپجین : هارپاك دەیەوێت کارەکە بەکۆرش بکات و خۆشی بە ئاسانی ببێتە شا ، بەڵام ئوەش بزانە میدیای مەزن سەدان سەرکردەی هەیە ، کە زۆر لە هارپاك دانا ترن .

شوان : ئەم خەڵکەش لەنێوانیاندا بە قڕ هاتون ، نا ئەسبجین کاتی ئەوە هاتوە تۆش واز بهێنیت و کە گەڕانەوە لەگەڵ ئەسپیتام بۆ خۆت لەم ناوچەیەدا سوچیك ئاوەدان بکەیتەوە .

ئەسپجین :( بە خەندەوە ) بەڵی دەتەوێ بە دوای ووشە سادە کانی زەردەشت بکە وم وهەموو ژیانم لەگەڵ مەڕوبزن و گوێ درێژاندابەسەر بەرم ها ، (پێ دەکەنێت ) گریمان وام کرد ئایا دوژمنان لێمان دەگەڕین بە ئاسوودەیی بژین ؟ ڕاوو ڕوتمان ناکەن ؟ ئەم شانشینە مەزنە بە زەبری شمشێریباپیرانمان هاتۆتە کایەوە، هەر بە شمشێریش بە هێزو فراوانتر دەبێت .

شوان : لە ڕاستی دا تا خەڵکێکیزۆر باوەڕ بە بە ئامۆژگاریە کانی زەردەشت نەکەن ئاسودەیی و ئاشتی بەچاوی خۆمان نابینین .

ئەسپجین : ئەم باوەڕپێ هێنانەی خەڵکیش بە شمشێر دەکرێت ، منیش هەموو ژیانم لە جەنگان بردە سەر،هەرئاوەهاش دەمێنمەوە تا هێز مابیت لە جەستەم .

شوان : گریمان بوی بەمەزنترین سەرکردە ، هەر دەمریت .

ئەسپجین : جیاوازی من و ئێوە ئەوەیە کە من ناتوانم چاوەڕوانی مردن بکەم ، پەککەوتە نیم ، لەشێکی ساغ و بە هێزم هەیە ،نازی دەیان چاو مەستم پێ هەڵدەگیرێت ، بێ گاڵتەو گەپ ناسرەوێم ، هەربەو چاو نەترسیەش ڕوو بەڕوی مەرگ دەبمەوە تاکو ئێوە بەئاسودەیی مەڕو ماڵاتەکانتان بزە وەلێنن و بەباج نەچیتە گەروی دوژمناتان .

شوان : لەیەزدی مەزن دەپاڕێمەوە پارێز راوت کات .

ئەسپجین :(لەگەڵ چوونە دەرەوەی ) هەر لە ئاسو دەیی دا بن .

شوان : نازانم بۆچی دەبێ کوشتار هەبیت یان لێك دابران زۆر سەیرە ! قوربانی دەدەن بە گیانیان بۆ گیانیان !

بەرزین : وا دیارە شوانی ئازیز ، وەك چۆن هیچ شتێك نییە ببێتە بەر بەست لەبەردەم ڕۆژدا کەهەڵنەیت ، وەك هیچ هێزیك نی یە سوڕانی کەشەکان ڕابگرێت ، ئا وەهاش شتێك نییە مرازەکانی مرۆڤ لە پەل و پۆ بخات ، تەنانەت مردنیش. (تاریکی )

دیمەنی سێ یەم .

( پەناکەیك ، کات دەمەو خۆر ئاوا بوون ، ئەسپتام خەریکیچاککردنی ئاگر دانە )

ئەسپیتام : نەدەکرا لەشوێنێکی ئاوە دان تر بارگەی خۆمان هەڵخستبا ؟

ئەسپجین : ( پاڵی داوەتەوە ) لەم پەناگەیە چاککتر نادۆزینەوەشەوی تاریك و ساردی تێدا بەرینە سەر .

ئەسپیتام : ( پەتێك لە قەدی دەکاتەوە و گرێیکی لێ دەدات ) ئەمە گرێی پانزەمینە .

ئەسپجین : گەر بەم خێراییە برۆین دوای سێ ڕۆژێ کە دەگەینە پیری موغان .

ئەسپیتام : بە من بێت شەو وڕۆژ بەبێ وچان ڕێگا برم ، واهەست دەکەم گەنج بومەوە ،زۆربەهێزووتوانام .ئای هاوڕێ،ئەم دەشت و دۆل چیایانە ، گەلێك شتیان بەبیر هێنامەوە ،بەبیرت دێ چۆن بەدم ڕێگاوە سرودو گۆرانیمان لەگەڵ کۆمەڵی

برادەران دا دەگوتەوە . ( هەست بە خامۆشی ئەسبجین دەکات )وادیارە زۆر ماندویت چۆنە ئاوەها بێ دەنگیت ؟

ئەسپجین : هەر چەند نزیك تر دەبمەوە لە ئەكباتانا ترس و دڵە ڕاوكێم زیاتر دەبن ؟ نازانم بەچ ڕوێك دەگەڕێمەوە . لەو كاتەی نەم توانیوە تەنانەت یەك جەنگاوەر لەگەڵ خۆمدا بهێنم ! لەوانەیە ئیستا سەركردەكان چاوەڕێ سوپاێك بن نەسەری دیار بیت نەبن ! ( پێدەكەنێت ) دەبێ ئێستا هاوەڵەكانم لەناوچەكانی تر چییان كردبێت ؟ وابزانم لەمن زرنگ تر نین .ئەوانیش وەكو من ئەستەمە كەسیان بەگەڵ كەوتبێت .

ئەسپیتام : بەلام تۆ گوتت تەنها لەساگارت جەنگاوەر نەماون ! (بە تورە بونەوە ) كەی واز لە درۆ دەهێنیت ؟

(توشی دڵە ڕاوكی دێت ) دەبوایە دوغدوڤام بەتەنیا جێ نەهێشتبا ، چاكتر وا یە!

( دەست بە كۆ كردنەوەی كەل و پەلە كانی دەكات )

ئەسپیتام : بێم بڵێلەكوێی كێوی ئەلبوز پیری موغان خۆی حەشار داوە .چاكتر وایە زوو پێیبگەم .

ئەسپجین : پەلە مەكە ئەسپیتام .

ئەسپیتام : وازم لێبێنە پانزە شەووڕۆژە بەدوای درۆزنێكی وەك تۆ كەوتوم !

ئەسپجین : درۆم لە تۆ نەكردووە .

بۆ ئەم هەموو خەلكەی ساگارت درۆبكەی ، لەگەڵ مندا نایكە ی ! لێم گەڕی ئەگینا كوشتنت بەڕەوا دەبینم .

ئەسپجین : هیچ بەرژەوەندیەكی بۆ من تێدا نییە درۆت لەگەڵ دا بكەم .تكایە پەلە مەكە .

ئەسپیتام : كێ ناڵێت منت لەگەڵ خۆتدا ڕاپیچ نەكردووە تابە تەنیا نەبیت .

ئەسپجین : باوەڕ بە چ یەزدانێك دەكەی تاكو سوێندی پێ بخۆم , سویند بە هەموو یەزدە پیرۆزەكان درۆم لە تۆنەكردوە ,بەلام دەبوایە درۆم لەگەڵ ئەواندا بكەم , هاوڕێ ئەو ڕۆژەی ئەكباتانام بە جێهیشت سوپا زۆر بێ هێز ببو .

( بەپەشۆكاوی ) كۆرش بەزمانی لوسی و بەدرۆودەلەسەكانی زۆر ناوچەی خستبوە ژێرركیفی خۆی .

ئەسپیتام : ( هەست بە غەمباری ئە سبجین دە كات ) لە بەر چی وای لێهات ؟ چی ڕویدا ؟

ئەسپجین : ئەوەی ڕویدا , لەو كاتەی دوژمنان خەریكی پیلان گێران بوون , ئێمە بە سەر مەستی لەباوەشی كەنێزاندا نوستبوین. ئەسپیتام : ( دەستی لەسەر شانی دادەنیێت ) خەم هەڵ مەگرە . گەش بین بە .

ئەسپجین : نیازت وابو بەجێم بێلی ؟.

ئەسپیتام : بە خۆت دەزانی چیم لە دوای خۆمدا بە جێهێشتووە .

ئەسپجین : گریمان سوپا پێویستی بە هێزو وبازوی تۆهەیە ؟

ئەسپیتام : ( بە هەڵچونەوە ) ئایانابێت شتێك هەبێت بەرگری لێبكەم , لەبیرت كرد جەنگ ما بەژداری تێدا نەكەم ؟ لەوكاتەی دا گیانم لەسەردەستم دا نابو جەنگی ئاشوریەكانمان دەكرد كەس وكارم وەك و گەلای پایز هەڵدەوەرین لەسەردەستی ئەسكیسە تالان چی یەكان .

ئەسپجین : ئەستەمە لەبیری بكەم , هەرگیز لەبیری ناكەم .هەرگیز , دڵنیاش بە دەتگەێنمە پیری موغان .(دەچیتە سەر جێگا كەی و پاڵدەكەوێت .بەلام پێم سەیرە پیاوێكی وەك وتۆ ئازاو چاو نەترس , هەموو ژیانی خۆی لەتەك یەك ئافرەتدا بباتە سەر!!

ئەسپیتام : لات سەیر نابێت ئەگەربزانیت هۆی مانەوەم لەم ژیانەدا دوغدوڤایە .

ئەسپجین : زۆر لەمێژە بەپەرۆشم گوێم لەم سەرگوزشتە یەبێت .

ئەسپیتام : لە دوای ئەوەی ڕك و كینی خۆمان لەئەسكیسە تالان چیەكان دەر كرد ,گەڕامەوە سەرماڵی وێران كراوم .لەتوانام دا نەما چیتر بەرگەی تەنیای و كوژرانی كە س وكارم بگرم , هەتاكو ئەتۆش بەجێت هێشتم و بە دوای پلە و پایەدا چویتە ئەكباتانا , نەم دەزانی چۆن شەووڕۆم بەیەكەوە گرێدەدا .تا ڕۆژێكان بڕیام دا خۆم بكوژم ( دەسكی شمشێرەكەی دەچەقێنی و خۆی بەسەری دا دەچەمێنێتەوە .دوغدوڤا دێتە لای )

دوغدوڤا : ئەوە دەتەوێت چی بكەیت ! شێت بویت !!!!.

ئەسپیتام : خانم چاكتر وایە لێرەنەمینێت , لەوانەیە دڵە ناسكەكەت بەرگەی ئەم دیمەنە خوێناویە نەگرێت .

دوغدوڤا : پەلەی چی تە مەرگ دەتوانێت چاوە ڕێت بكات .

ئەسپیتام : چاكتر وایە كۆتایی بەم چاوەڕوانییەی بهێنم . بێزارم .

دوغدوڤا : وام دەزانی سوار چاكێكی ئازاو دلێری !!.

ئەسپیتام : ترسنۆك ناتوانێت بە دەستی خۆی خۆی بكوژێت .

دۆغدۆڤا : هەروەها ناتوانێت بەئاسودەیی بژیت .
ئەسپیتام : ژیانی من بێ واتایە .
دۆغدۆڤا : دەبا وانەبێت .
ئەسپیتام : خانم هیچ هۆیەك بۆژیانم نابینم .
دۆغدۆڤا : ئارام بگرە لە وانەیە بچوکترین شت ببێتە هۆیکی مەزن . ژیان ئەزمونێکی مەزنە نەنگە لێ بێ بەش بیت .
ئەسپیتام : سودی چییە کە مردن هەر لەرێگامان دا بێت .
دۆغدۆڤا : ژیان ئەوەندە کێشەی تێدا هە یە کەوا مردنت لە بیر بباتەوە .
ئەسپیتام : واتە خۆم گێل بکەم .
دۆغدۆڤا : خۆت مە دوڕێنە , کە ژیان بەسەرت سەپێندرا بژی . کە دەبێت بەدوای هەموو شتێك دا ڕابکەیت , هەولْ بە بەجوانترین شێوە ڕابکەیت .
ئەسپیتام : ووزەو توانا لە کوێ بهێنم ( سەیری دۆغدۆڤا دەکات ) ئایا دەکرێت تۆببیتە ئەو شتە ؟ ئەی ئەگەر تۆش وەکو ئەوانی تر نەمای , واز بهێنە خانم دەبێت چ هێزیکی مرۆڤانە بەرگەی مردنی خۆشەویستییێکت بگرێ کە هەرگیز لەتەمەنی مەرگ دا نییە ! . پەنام بردە بەر شەڕابی هەوما بێ سود بو ,ئێستاش لە پەنای مەرگ زیاتر هیچ شتێك نام لاوێنتەوە , خانم ئەم ژیانە بە ویستی خۆم نی یە .
دۆغدۆڤا : ژیان و گەلێك شتی کەش بە ویستی خۆمان نییە . بەلأم سەرسەختی لە ئاست شتی نەگۆڕا مەرگە ساتە . (لێ نزیك دەکەوێتەوە ) دیدەنت فراوان کە , بازنەی ژیان فراوانە , ( لەگەلْ بزر بونی ) چاوەڕێتم بگە ڕێوە . بەزوترین کات دەگەڕێمەوە ( شمشێرەکەی لەکالانی دەنێتوە ) هاوڕێم ئافرەت وەك چۆن دەتوانێت بەبێ بالْ لەنێو پەلە هەوراندا بتفرێنی , ئا وەهاش دە توانێت کوت زنجیرت بکات و بە خاکەوە بتبەستێتەوە . ( بە خەندەوە سەیری ئەسپچین دەکات کە کەوتۆتە خەوێکی قوولْ . لەناکاو یەکێك بەسەرکوتی و جل و بەرگێکی شرەوە دیتە لای ئۆجاغی ئاگرەکە . ئەسپیتام هەستی پێدەکات و ڕادەپەڕێت و شمشێرەکەی لە کالانی ڕادەکێشێت )
تۆ کێت زەلام ( ئەسپچین ڕادەجفرێوهەلْدەستێتەوەئەویش شمشێرەکەی ڕادەکێشێت )
زەلامەکە ( بە مەندە هۆشی ) دەمەوێت خۆم گەرم بکەمەوە ( وڕێنە دەکات ) گوتیان ئامی تیدای کچم لەم ناوانەدا چاوەڕێمە , دەیەوێت بمبینێت . ( ئەسپچین دەکەوێتە سەر چۆك و شمشێرەکەی لەدەست دا بەر دەبێتەوە ، بەسەرسورمان و غەمبارییەوە )
ئەسپچین : ئەوەی دەی بینم ڕاستە یا هیشتا نوستوم و خەون دەبینم !!!
ئەسپیتام : چیت بەسەر هاتووە!!! ( شمشێرەکەیبۆ زەلامەکە درێژ دەکات ) ئە ی تۆ زەلام نازانی هەستێك دەنگێك بەشێوەێك دا وای یارمەتی بکەیت ؟
ئەسپچین : هێواش بە ئەسپیتام ، شاهان داوای یارمەتی ناکەن .
ئەسپیتام : شاهان !!!
بەلْی هاوڕێ تۆ وا بەرامبەر شا ئەستیاگی مەزنی !! ئەوەی لێ دەترسام ڕوی دا . خۆزگە بەر لەوەی ئەم دیمەنەی تۆم بدی با خاوەن شکۆ بمردبام . کوانێ گالیسکەوداردەستی زێڕینت ؟! کوانێ هاو دەم و پاسە وانانت ؟!
( ئەستیاگ بە شلە زاوی دە یەوێت شوێنە کە بەجێ بهێلْیت .
ئەسپچین : بۆ کوێ دەڕۆیت گەورەم ؟!
شائەستیاگ: (بەسەرلێ شێواوی ) نازانم بۆچی پرسیارەکان هەندە قوڕس بونەو ناتوانم وەلأمیان بدە مەوە ؟ دەباشە من پرسیارێکت لێ دەکەم . دەبێ جیاوازی لە نێوان پاشاوگەدادا دەبیت چی بێت ؟ ! ( ئەسپیتام بە سەر سوڕماویەوە پێ دەکەنێت , ئەستیاگ لێی ڕادەمینێت .
شائەستیاگ : دوو ڕۆژ بەر لە ئێستا بەم شێوەیە لە بەرامبەرم کەنی بایت , ئەم سەرەت لەنێوان دوو گاشە بەرد دا دەفلیقایەوە ....لەوانە یە هەر ئوەش وەلأمی پرسیارەکەم ببێت . .....بەلأم لە کۆتاییدا بێهودەیی دەست مایەی شاهیشە و گەداشە !!!.
ئەسپیتام : هەر بژی شاهی مەزنمان !!! گەروەرم لەسەردەستی تۆدا نەتەوەیەك بون بە گەدا !!
ئەسپچین : بێ دەنگ بە . باگفتە کانت لە ئاست پلەو پایەی شاهی مەزنمان بێت .
ئەسپیتام : مەبەستت ئەوەی شا بوو !!

شائەستیاگ : ڕاست دەڵێیت , هەر بە هێزو بازوی ئەم خەڵکە کیاکزاری باوکم مەزنترین سەرکەوتنی بە دەست هێنا و سەر سەخت ترین دوژمنانی میدیای لە ناو بردن . منیش مەزنترین شکست !!! هەربۆیە شایستەی کەمترین ناو وناتۆرەم . دەبا خەڵکیش چیرۆکی هەمە جۆرم بە سەر دا بچنن کە ڕوخێنەری وڵاتێك و خوین مژی نەتەوەکەمم .

( بەرەو دەرەوە دەڕوات )

ئەسپجین : گەورەم تاریکی باڵی بەسەر زەمیندا کێشاوە . بۆکوی دەچیت ؟

شائەستیاگ : دەچم چاو بەو شتانە دا دەگێرم کە پێشترنەم دیون , ئەم وولاتە گەلێ گەورەو فراوانە .... لە وانەیە ئیستا کچەکەم ئامی تیدا لەشوێنێك دا چاوەرێم بێت ! لەدوام دا بگەڕێت ! ئامی تیدا کچە خۆشەویستەکەم .

(بەرەو دەرەوە دەڕوات ) خوێنی دێرینی شاهانەم , ئامی تیدا ! .(تاریکی )

دیمەنی چوارەم .

( گۆرەپانێك لەئەکباتانا , چەندین میل و بەردی شکاوی تاشراو بەوێنەو ڕنووسی مای کەوتونەتە سەرگۆرەپانەکە )

سەربازی 1 : ( گۆزەیەکی پڕ شەڕابی لەدەست دایە وسەرمەستە ) بۆکوێ چون ؟ نایەب ترین شەڕابی هەومم بۆهێناون .

سەربازی 2 : ( لەپەنابەردێکی تاشراو بە دەر دەکەوێت . سەر مەستە لەسەر چۆك و دوو لەپی بەرە و ڕوی هەڵگری شەڕابە کە دێت . هەو .. هەو .. هەو .. هەوما ( دەیخواتەوە ) .

سەربازی 3 : ( سەرمەستە ) ئەوە چی بو لێی̆تیر نەبویت ؟ بەشی ئێمەش بهێڵەوە .

سەربازی 1 : زۆرە زۆر . بەشت دەمینێت (گۆزەکەی دەداتە دستی ) نۆشی کە .

سەربازی 2 : تێی کەوە بوم شەڕابی هەوما ,کەوا لەمەرگەساتی ژیان ومردن بەهێز ترە .

(ئەسپجین و ئەسپیتام دێنە لایان )

ئەسپجین : چ پێکێك هە ڵ دەدەن لەنێوان شوێنەواری بەزی ویتان دا ؟

سەربازی 1: پێکی سەرکردەیەکی ڕاکردوو کەوا دەیان ژوری پڕ کردبوو لەم لەم شەڕابە نایابەو لە پەرداخی زێرین دەیخواردەوە .

(سەربازەکان پیێ دەکەنن )

سەربازی1 : ئەمە کێ یە ؟ ئەسپجین ! ئەوە تۆی ..... هەر چاکە هێشتا ماویت !!

سەربازی 2 : بەڵام وادیارە ئاگا داری زۆر ڕوداو نییە بۆیە وا بەرێك و ڕاستی دەڕوات !( پیێ دەکنن )

سەربازی 1 : گرنگ نی یە ئەسپجین , دەوەرە تۆش خۆت مەست بکە و بۆدواتریش پلانی خۆت دابرێژە ، چونکە کاتی ئەوە هاتوە بەئازایەتی خۆمان ببینە خاوەن پلەوپایەو زێرو ئەسپی جوان .

ئەسپجین : وادیارە پارسەکان کەسی ئازایان نەماوە ؟

سەربازی 1 : هیچ جیاوازیەك نی یە , تەنها بواریك هەبێت چەپوك و زیرەکەکان شوێنی خۆیان دە کەنەوە .

سەربازی 2 : گرنگ دەستە ڵاتی خۆمانە .

ئەسپجین : چیتان بە سەر هاتوە ئەی پارێزەرانی تەخت و تاجی میدیای مەزن !!!! هەرئێوە نەبون هەر ئێوە نەبون سرودو گۆرانیتان بۆ خۆشەویستی شاووڵات دەچڕی !!

سەربازی 2 : ئینجا دەست کەوتمان چی بو ؟هیچ ! تەنانەت تاڵان و بردەش بەبەرچەنگاوەری بچوکی وەك و ئێمە نەدەکەوت .

سەربازی 1 : وام دەزانی زۆر لەوە هۆش مەند تری باوەڕ بەسرودو گۆرانیان بکەیت .

ئەسپیتام : قسە بۆ کێ دەکەیت ؟ ! کاتمان زۆر بەدەست نەماوە , دەبا ئەو کارە تەواو بکەین کەوا بۆی هاتون .

سەربازی 3 : هەرکارێکت هەبێت بەزووترین دەم ڕای دەپەڕێنین , لەبڕی هەر کارێکی شاهانەش هەتاکو یەك سوڕی مانگ هیچ باجێك وەر ناگیرێت .

ئەسپیتام : پیری موغان لە کوێ ببینین ؟

سەربازی 3 : لەپەرستگەی جارانی بەئاسودەیی خەریکی نزاو نوێژە .

سەربازی 1 : کێ̆ناڵێ̆ ئیستا ئەویش سەر مەست نییەو ئاهەنگی گەڕانەوی ناگێرێت ؟( پیێ̆دەکەنن )

سەربازی 3 : دەئێوەش وەرن بەشداری ئەم ڕۆژە خۆشە بکەن , تاکو وڕ دەبن بخۆنەوە واز لەم مرو مۆچییە بهێنن .شا فەرمانی داوە خوارد نەوە بەسەر هەموو کەسێك دا بەش بکرێت .

سەربازی 1 : ئەسپجینی بەڕیزو خۆشەویست , ئێستا وا بار لە بارە . تۆش لە هەمومان کاراماتری . ئێمەش پشتگیریت لێ دەکەین لەوانەیە بگە یە پلە یەکی زۆر بەرز .

سەربازی 2: ( لە ئەو پەڕی سەر مەستی دا ) باشە بۆ پشتگیری لە من ناکەن ها ؟ دەوەرن بە دوام کەون و پشت گیریم بکەن ,

منیش بەڵێنتان پێ دەدەم تەختی شاهانەنتان بۆ وەربگرمەوەو . خۆ من دەزانم بەزمانی شاهانە بدوێم ,
( سەربازەکان پێی‌پێ‌دەکەنن . ئەویش دەچێتە سەر مینێکی شکاو سەربازەکان دەست دەکەنە چەپڵە لێ دان ودەیکەنە هەراو زەنا ) وادیارە باوەڕم پێ‌ناکەن .

سەربازی 1 : هەر بژی شای سەرمەستان .

سەربازی 2 : هەربژی شای بێ شانشین .

سەربازی 3 : (هەڵس و کەوتی شاهانە دەکات و دەستی بەرز دەکات و هێوریان دەکاتەوە ) ئەی گەلی هەمیشە چاو برسی و ڕش و ڕوت . ماوەیەیکی دورو درێژە چاوەڕێ‌ئەو فریاد ڕەسن کە دەبێتە ساڕێژەری گشت زامەکانتان . ئەو کەسەی ڕزگارتان دەکات لە ئێش و ئازاری گیانە تینوە کانتان,بەڵام من نە ئەو کەسەم و نەدەش بم بە ئەو کەسە . چونکە , چونکە چاك دەزانم چۆن ئیستا چەپڵەو هەراو زەنا بۆ من دەکەن لەمەش زیاتر بۆ بکوژی من ساز دەکەن . من ئەو کەسەم کە بە سەما هەڵپەڕکێ وچەپڵەو هەراو زەناتان فریو ناخۆم و هەست بە خۆشەویستیتان ناکەم ,بەڵکو زیاتر باڵەکانم هەڵدەخەم کەچۆن بۆم دەلوێت بەیەك ئاماژە واتان لێ بکەم و هەڵتان پەڕێنم .ماڵ ئاوادنی لە سەر دەمی مشور خواردن و بەر پرسی بکەن .

ئەسپیتام : بێزار نەبوی ئەسپجین ؟دبا بڕۆین .

ئەسپجین : بێ هۆشینە . بە دەستی خۆتان شکۆ دارترین دیرۆکی باوك و پایرانتان ڕماند ( دەچێتە نزیك نوسراوێك )بخوێنەوە. ﴿ من دیاکۆی مەزنم . هەموو هێزەکانی میدیام یەك خست .بوم بە یەکەم شای ئەم ....... ﴾ ( دەچێتە نزیك نوسراوێکی تر ی شکاو ) ﴿ من کیاکساری مەزنم هەموو ئەو شانشینانەم ڕوخاند کەوا دوژمن و تالآن کەری گەلی میدیا بون , بوم بەشای هەر چوار لای ................﴾

سەربازی 2 : دەبا ئەو بەشەت بۆ تەواو بکە م کەوا شکاوە ... زەمین و کورێکی سەر شێت لە دوای خۆمدا دەچەسپێنم , کەوا سەربڕینی خەلکی لادەبێتە خۆشترین یاری................ ( پێ دەکەنن )

ئەسپجین : هەموو بەهانەی سەر زەمین کۆ بکە نەوە پاکانە لە ڕەفتارتان ناکات . ژێر دەستەو بێگانەتان کردوە بە ڕابە رتان .

سەربازی 1 : بەدەستی ئێمە , بەویستی خۆمان .

سەربازی 2 : دڵ گران مەبە هاورێ , پارسە کان خووڕەوشتیان لێ هەڵگرتینەوە , زمان و ڕێنووسیان لێ قۆزتینەوە , تەنانەت جل و بەرگی ئێمەیان پۆشت , شازادە ئامی تیدا کەهەڵگری خوێنی شاهانەیە لە باوەشی کۆڕشی پارسی دا خەوت ,دەبا فەرمان ڕەوایەکەش بۆ ئەوان بێت .

ئەسپجین : دوای ماوەیەکی کەش ناز ناوی کۆڕشی شای مەزنتان دەبێتە شای مەزنی شانشی پارس .

سەربازی 2 : وریا بە ئەسپجین ئەم قسانە لە هەموو شوێنیك نەکەیت , زۆر کەس هەیە وەکو یە زدان کۆرش دەپەرستن.

ئەسپجین : دەکەواتە لە یەزدانی مەزن بپاڕێوە تەمەنی کۆڕش تا هەتا بێت لەبەر ئەوەی کەس نازانیت ئەگەر ئەو نەما کێ لە دوای خۆیدا بەجێ دەهێلی و فەرمان ڕەوای بە سەر منداڵەکانتان دا دەکات ............................( تاریکی )

دیمەنی پێنجەم .

پەرستگە , پیری موغان خەریکی نزا کردنە ئەسپیتام و ئەسپجین بە نەوازشی وەستاون .

پیری موغان : بەناوی یەزدانی مەزنی ڕۆناکی , بەناوی زەردەشتی پەیام دار , ئەو کەسەی جیاوازی خستە نێوان ئاگرو ڕۆناهی . بائەم پەلکە پیرۆزانەی هەوما کە ماڵە دێرینەی گیانی پاکی زەردەشتە و دەرمانی گشت دەر دێکە و تۆقێنەری هەموو دێوو دڕنجەێکە ,ببێتە چارەی کۆڕپەکەت .( دەیداتە دەستی ئەسپیتام )

ئەسپیتام : ( بە سەر سوڕماییەوە پێ دەکەنێت ) ببورە گەورەم بم بورە . بەڵام ئە وە چەندین کۆڕپەم سەر بنێتەوە بە دەردێك . کەچی چارەشیان ڕوەکی هەومایە , کەکێوە کانی ناوچەکەمی داگیر کردووە.

پیری موغان : وریابە بەڕێز وریا بە هێزی گیان لە بیر نەکەیت , ئەگینا ڕێ ڕەوت بەلەنگی دەبڕیت .

ئەسپیتام : لەبیری ناکەم گەورەم , دڵنیا بە لە بیری ناکەم . هیوا دارم لە یەزدانی مەزن بپاڕێ یەوە پاڵ پشتمان بێت لە ڕێکای گەڕانەوەماندا .

پیری موغان : باوەڕت پاڵ پشتتە , دڵنیام دەگەیتە ئامانج .

ئەسپیتام : ( دەچێتە لای ئەسپجین ) تا زووە با بەڕێ کەوین ڕێگایەکی سەختمان لە پێشە .

ئەسپجین : ( بە ئارامی دەست لە سەر سینگی ئەسپیتام دا دەنێت ) لە وانەیە تۆ بە ئامانجت گەیشتبیت , بەڵام من هەموو ژیانم بە سەر چوو نەگەیشتمە هیچ . (بەرەو پیری موغان دەچێت ) گەورەم ئەگەر ڕێگام بدەیت لەم پەرستگەیە پیرۆزە

دا هاوشانی موغان پەرست کار بم . لە وانەیە بە گەڕانەوەم بەرەو ناخ و گیانم لە جەنجاڵی مێشکم ڕزگارم بێت و هۆیەك بۆ ژیانم بدۆزمەوە .

پیری موغان : ( دەستی لە سەر شانی دا دەنێت ) ئەی سوار چاکی بێ وێنە ئەگەر زامدار نەمرێت تا سەر بە زامداری نامێنێتەوە . منیش لەم دوو ساڵەی هەرەتەی کێوی ئەلبوز بوم , لەم بەرزاییە شتاکانم بەگۆڕاوی دەبینی . (ئەو پیرە دارەی دەیان دەست نای جولێنن شنەی بایەك دەتوانێت بی هەژێنێتەوە ) ** لەوانەیە تۆش بایەکی تێڕامان بەرەو پانتاییەکی سەرمەدیت بباو گیانە یاخیەکەت هێور بکاتەوە . دەرگای پەرستگەش والآیە , لەم سەرچاوە پاکە تا تێر ئەبیت بخۆرەوە .

ئەسپچین : گەورەم لە ڕێگام دا چاوم بەشایەك کەوت وێڵی کێوان کرا بوو تا بەسەرگەردانی سەر بنێتەوە ! هەر ئەو شایەی تۆی هەرەتە کردبوو!!

پیری موغان :شای لێ کەوتوو دەرونێك بو لە ژێر قامچی ڕابواردندا دا ڕزا بوو . گیانێکی تەماوی بوو مەگەر تەنها یی و تێ ڕامان دا بێگەرد بێتەوە . ئەگەر ئێوەش دەتانەوێت هەنگاوەکانتان بەهێز بێ و ڕێ ڕەوتان بەلەنگی نەبڕن , هێزی گیانتان لە بیر نەکەن , نەوەك خۆتان لە سەرەتا دەدۆزنەوە . ( بە دەم گوتنەوەی ئەم وشانە دەچێتە دەرەوە , ئەسپچین بەدوای دا دەڕوات , ئەسپیتام رایدەگرێت )

ئەسپیتام : بۆکوێ دەچیت ؟ هیشتا نیوەی کارە کانما ن ئەنجام نە داوە , بەجێم مە هێڵە بە بێتۆ هیچم بۆ ناکرێت .

ئەسپچین : بەڵینی ئەوەم پێنەداویت لەگەڵت دا بگەڕێمەوە .

ئەسپیتام : بەلآم لە نێوان ئەم چوار چێوە یەدا هزرو بیرت ئۆقرە ناگرێت , وەرە با بەرەو ئاسۆیەکی فرەوانتر بڕۆین .

ئەسپچین : بۆ هەر کوێ بچین لە سەر مەستانی سەرکەوتنی چەوەاشە زیا تر کەسی ترنابینین .

ئەسپیتام : هاوڕێ لەوانەیە ئێستا ئەوان سەر مەست و ئاسودە بن بەلآم دڵنیا بە هەر کەسێك ئەگەر بۆساتێکیش بێت تامی ئازادی بچێژێ قەت و قەت لەبیری ناکات .

ئەسپچین : هیچ شتێك نییە لە بیر نەکرێت یا نەگۆڕێت .

ئەسپیتام : ( بە هە ڵچوونەوە ) دەکرێت شتەکان چۆنە وا ببینیت نەك وەك چۆن دە تەوێ و حەزی لێ دەکەیت .

ئەسپچین : بڕۆ ئەسپیتام منیش لەم پەرستگەیەدا , یا ئەوە تا ماوەی ژیانم بە ئاسوودەیی بە سەر دەبەم یانیش وەك دوو پشکی ژەهراوی هەر شەوەو دەچمە نێو پێخەفی یەکێکیان .

ئەسپیتام : ناهاوڕێ نا . وەرە با بە یەکەوە بگەڕێنەوە . لە وێ ماڵێك پێك بهێنەو سەر لە نوێ دەست پێ بکەوە .

ئەسپچین : کات بە سەر چوو ماوەش نەما . چیم نەماوە بی دۆڕینم , تاکاتی تۆش تەواو نەبوە بگەڕێوە . ئێستا لە وێ چاوەڕێتن هیوایان نوێ بکە یەوە . منیش بڕیاری خۆم داوەو لێ پەشیمان نابمەوە .( دور دەکەوێتەوە )

ئەسپیتام :منیش هەر چاوەڕێت دەبم تا لەڕۆژێك دا دێتەوە . دۆغدۆڤا , هاوسەری خۆشەویستم کێوو زنارەکان ,سەرلوتکەو ئەستێرەکان , ڕێ نیشان دەر من . بە زووترین کات دێمەوە . ( لە نێو جەرگەی تاریکی دا زریکەی منداڵێك دەبیسترێت ) .

---

* . لێك دراوی یەسنای ( 2 , 10 , 29 ) کتێبی زەردەشت و ئامۆژگاریە کانی نوسینی هاشم رەزا , وەرگێڕانی م . گۆمەیی . چاپییەکەم بەفران باری (2064 ) ی کوردی لاپەڕە ( 45 , 46 ,62 )

** . فردریك نیتشە (هکذا تکلم زرادەشت )

لە نوسینی ئەم شانۆنامەیە , زۆر سودم لە کتێبی ( میدیا)ی دیاکانۆ ڤــ وەرگرتوە .